## دیوانی حەقیقی

مامۆستای نەمر عەبباسی حەقیقی (بڕوانە ئاڵقەی ژمارە 185 ی ئەم وتارانە)، یەک لە شاعیرانی ناوداری قوتابخانەی موکریان و بوێژی ژێر ئاڵای کۆماری کوردستانە. حەقیقی لە گوندی مەرجان ئاوای مەهاباد لە دایک بووە بەڵام خوێندنی ناو حوجرەی مزگەوت و ئینجا ژیان و کار و فەرمانی ئیداریی لە بۆکان و دەوروبەری بووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردوە و نێژراوە. چەند کۆمەڵە شیعرێکی مامۆستا لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بڵاوبوونەتەوە، و یەک لەوان ئەو کتێبەیە کە بە ناوی "دیوانی حەقیقی" لە ورمێ، لە لایەن ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبییەوە بڵاو کراوەتەوە.

سەرەتای 15 لاپەڕەی کتێبەکە، گەلێک بیرەوەری گوندی کۆکە، عەلیابات، ئیسکی بەغدا، قوڵقوڵە، جەمیان، بۆکان، دوخانیاتی بۆکان، قەڵای سەردار، حەمامی تازە و کەسایەتیی وەک حاجی بایزاغا، حاجی بابە شێخ، سەیفولقوزات و شەهید حەسەنی قزڵجی تێدایە. گەلێک لە شیعرەکانی کتێبەکەش بۆ شاعیران و کەسایەتی دیکەی بۆکان گوتراون و لەوانە :

ئیبراهیم ئەفخەمی (ل 96)، حاجی سمایل ئاغا و حاجی رەحمان ئاغای ئێلخانی زادە، مامە قالەی دەبباغی (ل 102) و قالە قەندە (ل 105)، سەید کامیلی ئیمامی (لل 171 و 173)، سوارەی ئێلخانی زادە (ل 191)، حاجی ئەبوبکرئاغای موهتەدی (ل 193)، سەید کامیلی ئیمامی (لل 262 و 265 ی فارسی) و هەروەها شیعرێکە بە یەک دوو دێری تورکی و فارسییەوە کە بە بۆنەی عەمەلیاتی چاوی خۆی و چوونی شەهید حەسەنی قزڵجی بۆ سەردانی لە نەخۆشخانە گوتوویەتی. وێ دەچێت دوکتۆری عەمەلیاتەکە تورک بوو بێت :

*"ئەڵڵاهە شوکر ئیلە کی عەمەلدەن قوتولموسن"*

*دوکتۆر گوتی، "حەقیقی! دێی گوێرم نە ئیستەسەن؟"*

*"ڕوون بێ" گوتم، "گڵێنەم و بی بینم و بڵێم":*

*"سەرچاوی من، قزڵجی! بەخێربێی مەلا حەسەن!" ...*

دووپارچە شیعریشی بە بۆکاندا هەڵگوتووە :

*بووکی شارانە شاری بۆکانێ ....* (ل 149)

*اگر خواهی کە بینی چهرە و سیمای بوکان را ...* (ل 245 - فارسی).

عباس حقیقی، "دیوان حقیقی"، مرکز نشر و فرهنگ ادبیات کردی، انتشارات صلاح ادین ایوبی، چاپ دوم، ورمێ، ساڵی 1367[1988]، 277 لاپەڕە، کوردی و فارسی.